ناساندن



کریستینه ئالێرت ویبرانیتس

# گوڵبژێرێک
# لە هەڵبەستی فەلسەفی و نوێژەنی ئەڵمانی

لە ئەڵمانییەوە:

ئەنوەر محەمەد ئەحمەد

١ - ٢

خـانمی kristine Allert wybranietz، لە دایکبـووی سـاڵی ١٩٥٥ و لە شـاری "ئۆبێرنکیرشن"ی ئەڵمانیا دەژی. ئەو لە ساڵی ١٩٧٣ وە دەنووسێت . لە گەلێک بڵاوکراوە و ئەنتـۆلۆگیدا بەرهەمـی بڵاو کردووەتەوە. کە لە سـاڵی ١٩٨٠ دا پەرتووکی " لەگـەڵ هەمـوو ئەوانەشـدا" ی بڵاو کردەوە. لە دنیا و جوغزی هەڵبەستەوانیدا، جێیی سەرنج بوو و ناوی دەرکرد. ساڵی ١٩٨٢ یش، کە "سـڵاوەکانی خۆشـەویستی" ی بڵاو کردەوە، ئەویش کەوتە جـێی سـەرنج و گـرینگی پێـدانی خـوێنەران. سـاڵی ١٩٨٤ یش پەرتووکی " ئـەگـەر هـەروا ئاسان بایە"ی بڵاو کردەوە. کە ئەویش سەرکەوتنی بەدەست هێنا .

ئەم گوڵبژێرە لە هەردوو دیوانی " سـڵاوەکانی خۆشەویستی" و "لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا" وەرگیراوە.

ئـەوەیش بگوترێ کـە بـە زۆرێک لـەم دەقـە کـورت و پڕ مـانایانە دەگـوترێ؛" دەقی پێشکێشی". خەڵک بە بۆنەیەکەوە ئاراستەی یەکتری دەکەن.

پەڕتووکی

# سلاوەکانی خۆشەویستی

## ئازاد بیت

ئەو باڵندەیە ئەتۆ دەبینیت
لەوێکانەدا..؟
کێ ڕێچکەکەی بۆ دیاری دەکا..؟
لێ، ئەو ئازادە...
ئەو ساتەی ئێمە، ئەمەمان دەوت
لەتەک بیستنی دەنگی تەقەدا
لە ئاسمانەوە، بەربۆوە و کەوت

## ئازادی

زۆرێک لەو باوەڕەیدان
کە ئازاد بن.. تەواو ئازاد
لێ چونکە ئەوان
هەرگیز خۆیان
لە بەرزایی ئەو جێگەوە
نەدیتووە
کە بەستروانەوە!

## دۆستایەتی ڕاستەقینە

گەر ناچار بیت کە بڕۆیت و
دۆستەکانت جێبهێڵیت
پێدەچی کە
بە ١٠٠٠ کیلۆمێترێکیش نێوانتان بێت
بەڵام ئەمە وەها نییە
لە دڵدا کیلۆمێتر نییە

## خۆشەویستی و...

خۆشەویستی و خوو پێوە گرتن
باوەڕ و نرخ لێگرتن
ئەوەیە
هەموو لە دووی دەگەڕێین و
وا چاوەڕێین
لە مرۆڤەکانی ترەوە
بەرەو روومان بێتەوە
بەڵام ئەوە هەر خۆشمانین
خەڵکی دی لێ بێبەش دەکەین

## خۆ پاکردنەوە

دەمەوێت جار جار
هەر وەک جانتایەک، خۆم هەڵتەکێنم
ئەو هەموو شتە بێکەڵکانەی
بە درێژایی کات، قورسیان کردووم
هەڵبوەرێنم
باقییەکی رێکخەم
تاکو بە سووکی
لە چاوەڕوانی
رۆژی تردا بم

## لێچاوەڕێ کردن

ئەوەی کە خەڵکی لێتی دەخوازێ
دەکاری بیکەیت، گەر خۆت دەتەوێ
لەبەروەی خۆ تۆ ئۆتۆماتیک نیت
هەرکەس بەزەیی پێتدا هاتەوە
ئەنگوست بە دوگمەی بەزەیی دا بنێ
کێ گوێت لێ بگرێ

ئەنگوست بە دوگمەی گوێگرتن دا بنێ
کێ کەیفخۆش بێ
ئەنگوست بە دوگمەی خۆشحاڵی دا بنێ
کێیش هەر بێدەنگە
ئەنگوست بە دوگمەی بێدەنگی دا بنێ
ئەگەر بە وەها کەسانێ گەیشتیت
لێگەڕێ دوگمەی پەکی کەوتووە
سوور سوور داگیرسێ!

## خۆشەویستی

خۆشەویستی ئائەوەیە
پێکەوە بەسترابێتنەوە
بەڵام بێ زنجیر

## شانسێک بە خۆت بدە

شانسێک بە خۆت بدە و
تۆوەکان لە عەلاگەکەدا مەهێڵەوەو
بیانچێنە
لێ، تۆ لە زەوی رەق دەترسیت؟
بەڵام دەتوانیت
بە کار و کارامەیی و خواست
زەوی خۆشەویستی
ئامادە بکەیت

## هەڵبەستی خۆشەویستی

لە لێواری مەزراکەدا دانیشتبووین
هەردووک بە جووت
ساتێ گوڵە حاجیلە
پشکووت
سەرم بەسەر شانتەوە بوو

گوێم لە جریوەی
باڵندەکان و
گیزەی هەنگان بوو
چێژم لە تیشکی خۆرەکە و
با نەسیمەکە
وەردەگرت
نەیشم دەویست لە وەرینی
گوڵە حاجیلە هیچ ببیستم

## جێگە بۆ خۆشەویستی نییە

لە کوێدا تۆوی خۆشەویستی
بچێنم؟
لە ساتێکدا،
زەوی کۆمەڵگە هەردەم
بۆ خۆشەویستی، بێبەرهەم دەبێ؟
ئەوە چ جۆرە ژیانێکە
مرۆڤ بکارێ
هەر شت بچێنێ و وە بەرهەم بێنێ
تەنیا " خۆشەویستی" نەبێ؟

## خەمی خۆشەویستی

دەرمانفرۆشەکە،" حەب" ی بۆ
سەر ئێشە
دان ئێشە
سک ئێشە
هەیە.
تنۆکی بۆ
ئازاری گوێ
ئازاری پشت

ئازاری برین
هەیە.
هەتووانی بۆ
ژانی ماسولکەکان و
جومگەکان
هەیە.
بەڵام لەوەی رادەمێنێ
کاتێ پرسیاری لێ دەکەم:
ئەی چی بۆ چارەی
ئازاری
هەمیشە پڕ لە تاسەی
ئەم " دڵ"م هەیە؟!

## هەڵە

بە هەر لایەکدا
خۆم وەرچەرخاند،
تەنیا بەلای خۆمدا نەبێ

## بۆ خۆشەویستیی رابردوو

مرۆڤ جارجارە
بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە
بە قولاپەکەوە
دەستی توند دەگرێ
بێ ئەوەی باوەڕ بەوە بهێنێ
لە مێژە ماسی دوور کەوتووەتەوە

## یادی پڕ لە خۆشەویستی

یادی پڕ لە
خۆشەویستی
یادێک لە تۆ

له باوەشتا راکشێم و
لێ بشزانم
کە ناتوانم بمێنمەوە
نوقمی چاوەکانت ببم و
لێ بشزانم
دەبێ هەر بێمەوە
دەرێ
لە لاتەوە بخنکێم و
لێ بشزانم
کە پێی نامرم
خۆمیشت بۆ بکەمەوە و
لێ بشزانم
کە دزیم لێ ناکرێ
ئەوە هەر دەبێ
خۆشەویستی بێ

## بیر لە پێکەوە ژیان

ئەو وێنەیەی
لە ژوورێکدا هەڵواسراوە
زۆر جار سەرنجت لێ داوە
پێت ئاشنایە لە گشت لاوە.
ئەو مرۆڤەی
لەمێژە لە تەکیا دەژیت
زۆر جار سەرنجت لێ داوە
شارەزای حەزەکانیشیت.
دەکرێ بۆ
ماوەیەکی زۆر
بەلای چەپدا وێنەکە هەڵبواسیت
هیچ گۆڕانێک دروست نابێت.

بەڵام چونکە
مرۆڤ هەردەم
لە گۆڕان و جووڵەدایە
بۆیە پێویستە کە هەردەم
لە ژێر سەرنج و چاودێریدا بێ

**بۆ ئەو کەسەی بە خۆشەویستییەکەی راهاتووم**

سەرەتا ئەستێرەیەک بوویت
لە ئەستێرەکانی ئاسمانم
لێ نهاکە بوویتە
مانگم
مانگێک بە هێزێکی زۆری
بەرەو خۆ راکێشانەوە
وەسفی هەست ناتوانرێت بکرێ
تەنیا دەدرێ
بەڵام ئەویش نەک
هەمیشە
بەڵکوم بەهۆی
شەرم و ترس و
بەئاگایی و دڵدانەوە و
نائەمینی
خۆ ئەگەر من بمتووانیبا
هەستم بە پۆستی خێرادا
بە دانی پولی
هاتنەوەیش
بۆ دەناردی
چونکە هەرگیز
مرۆڤ نازانێ چی دەبێ